ماوەی 99 ڕۆژە سلێمان ئەحمەد ڕۆژنامەنووس و هەواسازی لایەن ئاسایشی دهۆک ڕفێندراوە



ماوەی 99 ڕۆژە سلێمان ئەحمەد، ڕۆژنامەنووس و هەواسازی لایەن ئاسایشی دهۆک دەستگیرکراوە، کاتێک لە دەروازەی فیشخابوور دەگەڕایەوە بۆ سەر کارەکەی لە ساری سلێمانی و تا ئێستا بەسەروشوێنی لێوکاتێوە ڕۆگە نادرێت پارێزەرانی چاویان پێ بکەوێت.

ڕۆژنامەنووس سلێمان مەحەممەد ئەحمەد لە 23ـی تشرینی یەکەمی ساڵی 2023 کاتێک لە سەردانێکی خێزانی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەگەڕایەوە سەر کارەکەی لە سلێمانی بۆ هەکارێکی نادیار لایەن ئاسایشی دهۆکەوە ڕفێندرا.

لەم بارەوە ئاژانسی ڕۆژنیوز کە ڕۆژنامەنووسی ناوبراو تێیدا کاردەکات لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: "سلێمان ئەحمەد ڕۆژنامەوانی ئاژانسەکەمان، ماوەی 99 ڕۆژە لایەن ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەروشوێن کراوە و ئاسایشی دهۆک بەرپرسیارە لە سەلامەتی ڕۆژنامەنووس".